
# پێش ئەوەی باوەگوڕگوڕ بکوژێتەوە، پڕیشکێک لە دڵتدا هەڵگرە

**فەرهاد شاکەلی**
**(سوید)**



نەهاتن..
نە دوانزە سوارەی مەریوان و
نە سەرلەشکرەکانی بابان،
گوێیان لە هاوارت نەبوو،
نەهاتن بە هاناتەوە.
دڵۆپەبارانێک
خەونی وشکەساڵەکانتی نەهێنایە دی،
شنەبایەکیش
ئاڵا کەچەکانتی نەخستە لەرینەوە،
دڵۆپێ ئاونگ نەبوو لێوی گەڵاکانت تەڕ بکات.

خەونی تۆ ئاسان و سادە و یەکڕەنگ بوو،
نە سەفەری کێوی قافی گەرەک بوو
نە حەوت جووت کاڵای ئاسن.
دەتویست وەک منارەی تیشک،
وەک ستوونی ڕووناکایی،
وەک کێوی نوور
لەو چۆڵەوانییەدا ڕاوەستێیت و ڕوو بکەیتە ڕۆژهەڵات.

**ئوپسالا ٢٠١٧**

**بوویت بە مانگ، بە هەسارە، بە خۆر**

چۆنە، لە دەریچەی وێڵبوون و نائاشنایەتییەوە
ڕێت ناکەوێتە ئەم مەڵبەندە جەنجاڵەی دڵی من؟
کە ساڵانێکە
دەروازەی پانوپۆڕی دڵتەنگیم پێ داناخرێ،
پەنجەرەی چاوەڕوانیم بۆ پێوە نادرێ.

که تۆ بێیت، لەگەڵ خۆتا
کلیلی ورد و درشتی خەونەکانمم
بۆ دەهێنیت و پێ دەبەخشیت.
بە بۆنی گریانتدا دەتناسمەوە،
بە زەمزەمەی بێدەربەستیتدا
دەزانم
بۆ کتێبی تازەژانم
تۆ نەخشیت.

کێیە ڕێ لە هاتنی تۆ بگرێت، کە تۆ شارەزای
کۆڵان بە کۆڵانی شاری ئارەزوومی؟
کێیە دەتخاتە سەر کوێرەڕێی نەزانین، کە دەزانم،
تۆ دەتوانیت هیوای پەژمردووی دەشتی ئاوەزم،
یەک یەک، بهێنیتە دی؟

وەرە دەرێ! لە چواردیواری نائاگایی دەرچۆ،
ببینە چۆن گەڵا بە گەڵای دارستانی شەو
گشت نهێنە داپۆشراوەکانی تەمەنیان ئاشکرا دەکەن.
بۆ جێیەک مەگەڕێ بۆنی ڕابوردووی لێ بێت.

هاونشینی پەرییانی زەریانشین نیم،
تاسەباری ئەو شەپۆلانەم
ڕازی مرواریی نەبینراوەکان دەدرکێنن.
ئەمە نەریتی ئەویندارانی نیشانە دێرینەکانە،
سەریان لە ڕەوت و لە هەڵچوون و
هێورکردنەوەی هاژە دەرناچێت.
نازانن لەبەر نزا و پاڕانەوەی کەنارەکانە
ئاو و ئاوەڕۆی هەموو ئەم جیهانە
دێنە سەما.

باران بوویت، تاوەباران نەبوویت، بە خوڕ داتکرد،
تیلماسکی ڕەنگاوڕەنگی ئاسمانت
لە گەردنت ئاڵاندبوو، هەمووت بە پەیکەری
خەیاڵمدا هەڵواسین،
وام دەزانی دڵم، تازە، جێی ئەستێرەیەکی تری
تێدا نابێتەوە.
بوویت بە مانگ، بە هەسارە، بە خۆر، بە حەوت
خۆر،
ڕۆژەکانی حەفتەت کردن بە چەپکێ یاسەمین،
ئەوەتا بە دەرگای ماڵی ڕۆحمدا ئاوێزانن.

شاکەل ٢٠-٣-٢٠٢٣

## لەتێکی دڵم

هەناسەی بایە ئەم وەرزە فێنکەی
هەموو بیرەوەرییەکانی سەوز دەنوێنن،
سەوز
لە وێنەی خەونی دەوەنێک
یا خەیاڵی سروەیەک لە نیوەشەودا.

پاییز درێژترین وەرزی ساڵە
کە ناتوانم لەگەڵ باڵندە کۆچەرەکاندا
ڕەو بکەم،
کە نازانم لە پێتەختی کام وڵات
لەتێکی دڵمم لێ بە جێ ماوە.

ئوپسالا شوباتی ٢٠٢٠